فيدراسيوينی پەنابەرانی عێراقی/ سويد

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ-SWEDEN

---

## یەکێتی نیشتیمانی بەرگەی ئازادی ناگرێت!

رۆژی 2005/5/4 خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی نارەزایەتی خۆیان نیشاندا بەرانبەر بە بڕیاری دەسەلأتدارانی حکومەتی سلێمانی لە دژی گەندەلی ئیداری و کاسپیکردن بە زانستەوە، ریبوار عارف "بەهادین وەستا بەکر" سکرتیری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و بەرپرسی کەمپینی دادگایکردنی صەدام و سەرانی بەعس لە دەرەوە، بۆ پشتیوانی لە داخوازی خویندکاران لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا ووتەیەکی پێشکەشکرد، وتەکەی رێبوار عارف دەبێتە جێگای رەزامەندی خوێندکارانی نارازی، هەربۆیە پاسەوانەکانی دەستەڵاتی یەکێتیی وەک عادەتی هەمیشەییان فیێان لێدێت و بێگوێدانە هێچ پێوانەیەکی ئینسانی رێبوار عارف راپێچی ئاسایشە بەدناوەکەیان دەکەن.

ئەم کردەوەیەی یەکێتی؛ هەموو ئەو ئیدعا پووچانەی یەکێتی لەمەڕ دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەتەواوی پووچەڵدەکاتەوە کە رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندننەوە گوێمان لێیدەبێت. ئەم حکومەتە قەرەقۆشەی تاڵەبانی لە سلێمانی؛ هەمیشە پاسەوانەکانی تفەنگیان لەسەر پشتە و چاویان سووربووە و هەردەم لە بۆسەدان بۆ هەر دەنگێکی ناڕازی کە لە کۆمەڵدا بەرزدەبێتەوە.

ئەم شڕە حکوومەتەی یەکێتی لە سلێمانی؛ مێژوویەکی پڕ سەرکوتگەری مخالیفانی سیاسی، تاڵانووبڕۆیی، فەسادی ئیداری هەبووە کە تاڵەبانی بەنیازە لە بەغدادیش نموونەکەی پێاددە بکات.

یەکێتی نیشتیمانی، دڵی خۆی بەوە خۆشکردووە کە کڵاوی ناوەتە سەری سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و رازیکردوون کە وەک هێزێکی سۆسیال دیموکرات بیناسن؛ بەڵام ئەم ماهییەتە سەرکوتگەرانەیان لە بەرامبەر ئازادی سیاسیدا، وا لە ئێمە پەنابەران دەکات کە بەشێک لە خەباتمان لە رسواکرن و خستنەرووی مەلەفی دژی ئینسانیان بێت لای سۆسیال دیموکراتەکان و خەڵکی ئازادی خوازی ئەوروپا!

ئێمە پەنابەران، کە بەشێکی زۆرمان لە دەست دەستەڵاتی عەشاییەری و سەرکوتی حیزبێکی وەک یەکێتی ئاوارەی هەندەران بووین؛ فیدراسیۆینی پەنابەران و رابەرێکی سەرشوناسی وەک رێبوار عارف بوو کە ببووە هانای ئێمەی پەنابەران، ژیانی سەدانی لە دەست میتی تورکی و شەپۆلەکانی دەریا رزگارکرد و مافی پەنابەری بۆ سەدان دەستەبەرکرد؛ هەر بەم هۆیە زیندانیکردنی ئەو رابەرە خۆشەویستمان رسوادەکەین و باجەکەی دەبێت یەکێتی و رابەرەکانی تەحەمولی بکەن!

یەکێتی نیشتیمانی دەبێت ئەوە بزانێت و هەڵنەخەڵەتێت کە هێزێکی سەرکوتگەری هەیە؛ دەبێت باش ئەوە بزانێت کە چارەنووسی ئەو و هەر هێزێکی دژی ئازادی یەکسانە بە چارەنووسی حیزبی بەعس و مەسەلەکەش لەسەر کات ماوە.

ئێمە دووبارە هۆشداری بە یەکێتی دەدەین کە دەست لە ملهوڕی و سەرکوتگەری هەڵبگرێت و رێبوار عارف ئازاد بکات و بە رەسمی داوای لێبووردن لە رێبوار عارف و ئێمەی پەنابەران لە دەرەوە و خەلکی کوردستان بکات، ئێمە خەباتمان بەردەوامە و داوا لە هەموو خەڵکانی ئازادیخوازدەکەین کە دەست بدەنە دەستمان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ریزەکانی یەکێتیدان و هێشتا ئومێدێکیان بەم حیزبە ماوە ئەم رسوایەتیانای یەکێتی لە ئەستۆی خۆیان دابماڵن و وەک ئینسانی ئازادیخواز وەدەنگبێن.

بژی ئازادی سیاسی و رادەربڕین!

سەرکەوتووبێت؛ خەبات لە پێنا و ئاسوودەیی و ژیانێکی شایستە!

رسوایی بۆ سەرکوتکەرانی ئازادی!

فیدراسیوینی پەنابەرانی عێراقی/ سويد

٥ی ئایاری ٢٠٠٥

---